مان سیتی نرخی بۆ فرۆشتنی ئێلقارێزی دیاریکردووە

پێگەی فوتبۆڵ ئینسایدەر بڵاویکردەوە، کارگێڕی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی بە پرۆشیۆن بیریان لە فرۆشتنی جولیان ئێلقارێزی هەرشبێری ئەرجەنتینی یانەکەیان کردووەتەوە.

پێگەکە رایگەیاندوە، بەهۆی ئەوەی ئێلقارێز لە ئێستادا نرخێکی زۆری هەیە لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانداو هالاندیش لە پێکهاتەکەیاندا بوونی هەیە هەکاری ئەوەیە کە یانە ئینگلیزیەکە بیر لە فرۆشتنی ئەو ئەستێرەیە بکەنەوە.

ئاشکراشیکردووە، بەرپرسانی مان سیتی لە ماوەی رابردوودا رێتیانکردەوە دەستبەرداری ئێلقارێز ببن بەڵام ئێگەر لە هاوینی ساڵی داهاتوودا ئەفەرەکیان بە بڕی 95 ملیۆن دۆلار پێشکەش بکرێت ئەوا دەستبەرداری دەبن.

ئاماژەی بۆشداوە، چەند یانەیەکی گەورەی ئەوروپا هەوەی گواستنەوەی ئێلقارێز دەدەن کە گرنترینیان ریاڵ مەدرید و بەرشەلەنن بەڵام پێویستە ئەفەرەکی گەورە پێشکەشی یانە ئینگلیزیە بکەن.